ناوی کتێب : نوێترین سیستەمەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت
نوسینی : ئیکرام هادی-محەمەدمەهدی-عیمادمەهدی
کاری کۆمپیوتەر : ئامادەکاران
تیراژ : هەزار وێنە
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم
شوێنی چاپ : چاپەمەنی کارۆ
شوێنی بڵاوکردنەوە : لەنێوەندی ئارام بڵاوەدەکرێتەوە
ساڵی چاپ : ٢٠٠٧-٢٠٠٨ سلێمانی
ڕازانەوەی کتێب : نێوەندی ئارام

بۆدەست کەوتنی ئەم کتێبە بەتاك یان بەکۆ پەیوەندی بکەن بەنێوەندی ئارام

سانا : ٠٧٣٠١٢٤١٥١٨
ئاسیا : ٠٧٧٠١٩١٨٥٦٥

تێبینی :
بۆهەموکتێبخانەکانی کوردستان نرخی کتێبەکانی نێوەندی ئارام بەکۆ (واتەنرخی فرۆشتنیان) بەئێوەی بەڕێز تەنها لەلای خۆمان دەتوانن بەگونجاوترین نرخ دەستان بکەوێت نەك شوێنانی تر وەنرخی کتێبەکان بۆدەرەوەی سلێمانی لە صەدا (١٠) کەمترە بۆکارئاسانتریش لەڕێگەی ئۆتۆمبیلی خۆمانەوە دەتوانین بیگەیەنینە دەستی ئێوەی ئازیز بەبێبەران بەر

Preview sample - page 1 of 2 - Soran University Academic Digital Library

The Internet For ٢٠٠٧

ئینتەرنێت بۆ ٢٠٠٧


ئامادەکردنی: إکرام هادی

بەشی یەکەم

باسێك دەربارەی ئینتەرنێت

پێناسەی ئینتەرنێت

ئینتەرنێت سیستمێکی زانیاری جیهانییە کە پشت بە کۆمپیوتەر دەبەستێت. ئینتەرنێت پێکهاتووە لە چەندین تۆڕی پێکەوەبەستراوی کۆمپیوتەر. هەر تۆڕێك ئەکرێت دەیان، سەدان یان هەزاران کۆمپیوتەری پێکەوە بەستبێت بۆ ئەوەی توانای هاوبەشکردنی زانیاری و کارکردنیان پێ ببەخشێت. ئینتەرنێت ڕێگەی بە خەڵك داوە لە سەرانسەری جیهاندا پەیوەندی بەیەکەوە بکەن بە شێوەیەکی خێرا و هەرزان. ئینتەرنێت لە میدیا باوەکانی وەکو تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ ناچێت لەوەدا کە یەك سیستمی ناوەندی پەخشکردنی نییە، بەڵکو کەسێك کە ئینتەرنێتی هەبێت ئەتوانێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ هەرکەسێکی دیکەدا بکات لەسەر ئینتەرنێت، زانیارێ بڵاوبکاتەوە بۆ کۆمەڵێك کەس، زانیاری/ دەست خۆی بخات، یاخود پرۆگرام و خزمەتگوزاری دوور بەکاربێنێت، یان کەلوپەل بکڕێت و بفرۆشێت.



کۆمپانیاکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت (Internet Service Providers) کە کورتکراوەکەی ISP ە) ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنەرەکانیان دابین دەکەن بەرامبەری بە کرێیەکی مانگانە. بەکارهێنەرێك کە هێڵێك لە ISP هکەوە وەردەگرێت ئینتۆرك (واتە تۆڕی) ی ISP هکە بەکاردێنێت بۆ چوونەناوەوەی ئینتەرنێت. لە ڕۆژ وڵاتدا ISP هکان کۆمپانیای تایبەتن، لە ئەو وڵاتانەشدا کە حکومەت کۆنترۆڵی خزمەتگوزارییەکانی تەلەفۆن دەکات ISP هکانیش سەر بە حکومەتن.

ڕێکخراوێك کە چەند کۆمپیوتەرێکی هەبێت زۆرجار ئیش بە نێتوۆرکێکی تایبەت دەکات کە پێی دەوترێت ئینترانێت (intranet)، کە کۆمپیوتەرەکانی ناو ڕێکخراوەکە پێکەوە دەبەستێت. بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت دابین بکات، ڕێکخراوەکە ئینترانێتەکەی پەیوەست دەکات بە ئینتەرنێتەوە.

قەبارەی ئینتەرنێت هەموو ٩ بۆ ١٤ مانگێك زیادی کردووە بۆ دوو ئەوەندە هەر لە کۆتایی ساڵەکانی ٧٠ وە. لە ساڵی ١٩٨١ دا تەنها ٢١٣ کۆمپیوتەر پەیوەندییان بە ئینتەرنێتەوە هەبوو. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ئەم ژمارەیە گەشەی کردووە بۆ ٤٠٠ ملیۆن. ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئێستا ئینتەرنێت بەکاردێنن تەنها دەکرێت بخەملێنرێت. هەندێك لێکۆڵەر ووتیان کە وا پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ژمارەی بەکارهێنەرەکان بووبێت بە ١ ملیار.

Preview sample - page 2 of 2 - Soran University Academic Digital Library